# "ژانی بوون"

نارین محەمەدی- مەریوان

سەرم ئێش دەکات نازانم خەونم بە چ ڕووداوێکەوە بینیوە. بێ گومان هەر یادەوەرییە. ئەری یادەوەرییەکانی منداڵیم. ئەم ژانە سەرە بەرەو خەواڵۆیی دەمبات. بەرەو نابوودی. حەز ناکەم بنووم. ڕۆحم هەڵدەفڕێ و هەناسەم دەرنایەت. هەست ئەکەم یەکێک لە ژوورەکەمدایە و لێم دەڕوانێت و حەز بە خنکانم دەکات. دڵم دەشێوێ بە یەکدا، ئەڵی شتێک لە نێو زگمدا بێقەرارە. لەوانەیە دراوسێکم دووبارە منداڵی بووبێت. ڕمبە ڕمب و هات و چووی نیوە شەویان بێ مانایە. سەعاتێکیتر برق دێتەوە و دیسان تانکی ئاوەکان وەک تەیارە گرمە دەست پێدەکەن. حەزم لە پیاسەیە بەڵام ناوێرم هەستم. هەواکەی زۆر ساردە و منیش سەرەگێجەمە. هەست ئەکەم دونیا بو سبەی کۆتایی پێدێت، ئەم زوقمە شتێکی بەدواوەیە. لەوانەیە زوقم منیش داگرێت. ببم بە پارچێک سەهۆڵ و تا ئەبەد... .

ئەڵێ تا دایگرتووم! دراوسێکەم ئاە! هەڵەم کرد قەرار نەبوو منداڵیان بێت لەوانەیە تەواو بووبن لە منداڵ درووست کردن ئەری ئەری من بە هەڵە تێگەشتم. نازانم چۆن؟ چۆن یاس نابن لەم هەموو منداڵ درووست کردنە؟ دوێنی کچۆڵەکەیانم بینی وەک چۆڵەکە وابوو، لەڕ و ناشرین. زگم بۆی سووتا حەزی لە یاری بوو، تۆزێک لەگەڵی دوام دەستەکانی وەک سەهۆڵ وابوون و ئیسقانەکانی بە دەرەوە بوون. چاوەکانی تەڕ و چڵم بە لا لووتیدا شۆڕ ببوو. ئاخ! چەن ژانە سەرمە!

لە نێو پاسەکەدا ئەوە چی بوو؟ ئاە بە لەحنەت بیت ژنەکە. ئەوە بۆ وا دای لەو منداڵە؟ بە تەواو هێزیدا دەیماڵی بە سەر و گوێدا! خەریک بوو سوێم بێتەوە. خۆزگە دەسەڵاتم ببوایە...

خۆزگە چی؟

دەسەڵات! کام دەسەڵات؟ نا نا بڕوام نییە. نەمدەتوانی. بڕوا ناکەم بمتوانیبا هەموو ئەو منداڵانە. ئاخ منداڵی.

کەوتمەوە بیری منداڵی خۆم. ئەو کاتانەی کە لییان دەدام. تا دوا هەناسە لێدانم دەخوارد. دەمقریشکاند و هاوارم لە باوکم دەکرد." تۆ خوا تۆ خو ا بابە گیان مەیەڵە مەیە یە یە ڵە داکم کوشتمی." یان کە بابم لێدەدام.... لێگەڕی لێگەڕی دەی با کەم بیریان

لێبکەمەوە. لەحنەت لەم خەڵکە، لەحنەت! وا بە کردارەکانیان مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکەن.

باشتر وایە کتێبەکەم بخوێنمەوە. ئاخۆ ئەم داستانەم بۆ تەواو بکرێت؟ چەن حەزی پێدەکەم! "داستانی دایکێک کە بوو بە کچی کوڕەکەی خۆی". نازانم بۆ لەو کاتەوە ئەم کتێبەم دەست پێکردووە تووشی ژانە سەر بووم؟ کە سەیری لاپەڕەکە دەکەم چاوم قورس دەبێت و ئەڵی وەزنێکی هەزار کیلوویان لە نیو سەم دا مەرەخەس کردووە. سەرم دەکەویتە سەر عەرزەکە. تۆزێک پاڵ دەکەوم و ئەم لاو ئەو لا دەکەم. بەڵام هیچ کەڵکی نییە. باشتر وایە هەستم. چایی گەرم کەم و جگەرێک... ئاە! باوکم جگەرەی زۆری دەکێشا. هەمووومان پێ سەغڵەت دەبوون. بەڵام من بە نهینیەوە لە ژوورەکەم دەمکێشا. بە فیزەوە چاوێکم دەنووقاند و دووکەڵەکەم فڕێ ددایە دەرەوە و دەکەوتمە کۆکە کۆک. دەلاقەکەم دەکردەوە و ڕوو بە دەرەوە کورسیەکم دادەنا و تماشای ئاسمانم دەکرد. ئاهەنگێکی ڕۆژئاوائیم دەخستە سەر و هەستم ئەکرد کە من چەن کەسایەتییەکی گرنگم!

تەلەفوونی ژوورەکەم دەزرایەوە بە فیزێکی تەواوەوە دەرۆشتم بە لایدا و بیرم لێدەکردەوە کە ئایا هەڵیگرم یان نە؟

پاش ماوێک بیر کردنەوە هەڵمدەگرت بەڵام... وا دیار بوو ئەویش نائۆمێد و ماندوو بووە و دایخستووە. لە دڵ خۆمدا دەموت. ئاە! حەتمەن دەزانی تاقەتم نییە و سەرقاڵم.

ئەڵی سەر ئێشەکەم نەماوە! وایە زۆر باشە. بیرەوەرییکی خۆش بوو. بۆ کەس تەلەفوونم بۆ ناکات؟ بلێ من تەواو بووبێتم؟ ها ها ها بۆ مەگەر خواردەمەنیم؟ باشتر وایە دەلاقەکە بکەمەوە. چەن ژوورەکەم لێڵە! لەوانەیە کەسێک بێت بۆ لام. با بیرێکی لێبکەمەوە، کێ هەیە بیەوێت بێت بۆ لام؟ چاوێک بە لیستی ژمارەی سەر موبایلەکەم دەکەم. لەوانەیە هەر کەسێک بیرم لێبکاتەوە. بەڵام نە، لێگەڕێ تاقەتی کەسم نییە.

چ زوقمێکە! زەلام بەرگە ناگرێت. باشە ئەوە ئەم خەڵکە چۆن دەژین؟ ئەو کرێکارانە چۆن ئیش دەکەن؟ بەلێ وایە وایە ئینسان کە مەجبوو بێت... .

بەڵام بە ڕاستی هەواییکی خۆشە بۆ بیر کردنەوە. هرچێک بێت لە گەرما باشترە. لە گەرمادا بەشەر کەی دەتوانێت بیر بکاتەوە؟ وەک مۆم خاو دەبیتەوە. ئەڵێ هەر ئێستە کۆتایی جیهانە. بەڵام سەرما. سەرما باشترە، بەڵام نەک بۆ هەموو کەس، ئەرێ تەنیا بۆ ئەوانەی وا خەمی گەرم بوونەوەیان نییە. ئەو شەوەی کە ڕۆشتم بۆ ماڵی دراوسێکم سەرم سوڕ مابوو. هە کەسێک و لە گۆشێکەوە کزی کردبوو و پەتووێکی سەربازی دابوو بە دەور خۆیدا و تماشای تلویزیۆنی دەکرد. دایکەکەیان وتی: " ئەوە خۆ بەرمیلێ نەوتیشمان هەیە

بەڵام جاری نامانەوێت عادەت بکەین بە گەرما." ئاه حەزم دەکرد زوو بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم. حەقیەتی حەقیەتی با عادەت نەکە.

ئاخ ئەو منداڵە کڵۆڵانە. وایە با ئەوان عادەت نەکەن بە گەرما! ئەی تۆ بۆ بیرت لێنەکردەوە با ئەو هەموو بەستەزمانە نەهێنیتە دونیا؟ بە لەحنەت بن بە لەحنەت. سێ رۆژ سێ ڕۆژ میردەکەت دێتەوە و هەر لەو سێ شەوەش دا دێقۆمێنیت. باشە لەحنەتی بۆ ئەهێڵی منداڵت بێت؟ ها! میردەکەت حەزی لییە؟ ها ها ها باشە حەزی لە سێکسە یا منداڵ؟ بۆ لەگەڵ خۆشتان درۆ دەکەن؟

لێگەڕێ بە من چی؟ ئەم خەڵکە بۆ من درووست نابن. با بە دەردی خۆیانەوە داکەون. بەڵام ئەی ئەو منداڵانە؟ ئەوانە گوناهیان چییە؟ ئااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااخ ژانەسەر دەمکوژێت. ئەم ژانە خەڵکە خەڵکی ناحاڵی و نەفام. منداڵەکان فریام کەون. مێشکم پڕە لە ژان ژانی بوونتان، ژانی بوونمااااااان، ژانی بوون.

بەسە بەس بۆ ئەوەندە گێژم؟ بۆ کێ دەگریم؟ بۆچی؟ بەسە با هەستم حبێک بخۆم لەوانەیە ژانم نەمێنیت. ئەڵی ژانی منداڵ بوونە! ئەڵی ژان گرتوومی ئاه وایە! تەزوو دێت بە گیانمدا. خەرێکە لێمدەبێتەوە! ئاخ لەوانەیە خومم لێبێتەوە! خەریکە دەخنکێم! ئەوە کییە لە ژوورەکەم. ئاخ ئاخ بۆ هەناسەم دەرنایەت؟ ئاخ خەریکە دەمرم! ئەوە کییە؟ دەی هەڵمسێنە ئاخ بابە، دایە توخ خوا دەی رزگارم کەن.

ئاه.